Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 | Issue 2 Article 9

# The Impact of Social Media Misinformation on Political Skepticism among University Youth in the Kurdistan Region

**Lanja Ebrahim Mahmood**
*Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.*

**Krzan Muhamad**

*Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Lanja, E.M.&Mahmud,K, 2026. The Impact of Social Media Misinformation on Political Skepticism among University Youth in the Kurdistan Region: YouTube channel as a case study. Mitanni Journal,6(2), Article 09.
DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp97-112
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# The Impact of Social Media Misinformation on Political Skepticism among University Youth in the Kurdistan Region

Lanja Ebrahim Mahmood[1], Krzan Muhamad [2]

1-Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

2-Media Technique, Technical College of Administration Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study, entitled "The Impact of Social Media Misinformation on Political Skepticism among University Youth in the Kurdistan Region," seeks to achieve a more profound understanding of the phenomenon of misinformation on social media platforms and to analyze the psychological effects it produces on university students. The significance of this research derives from the contemporary relevance of the topic and the paucity of Kurdish academic sources that have scientifically investigated this domain. The research is descriptive in nature and relies upon a quantitative methodology, wherein a survey questionnaire instrument was employed for data collection. Consequently, the researcher selected the research population from students of public universities in the Kurdistan Region and worked with a purposive random sample of 450 students from the Universities of Sulaymaniyah, Erbil, Duhok, and Halabja, while accounting for variations in gender and academic specializations. Ultimately, the research arrived at the conclusion that the phenomenon of misinformation exerts a direct and substantial impact on the is disseminated with the intent of distortion and deception, particularly in the sphere of. Finally, the research presented a number of recommendations and proposals, the most significant of which is the emphasis on the necessity of developing media literacy within the education system and higher education. Moreover, the formulation of an appropriate legal framework for confronting the dissemination of false information and the encouragement of media institutions to strengthen their gatekeeping role are considered suitable fundamental measures for reducing this phenomenon.

**Keywords**: Misinformation, Social Media, Political Skepticism, University Youth

Received 13 January 2026; accepted 26 January 2026.
Available online 07 May 2026
* Corresponding author
E-mail address: Mahdiabdulla91@gmail.com
*https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp97-112*
*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# The Impact of Social Media Misinformation on Political Skepticism among University Youth in the Kurdistan Region

**AI usage declaration**

The content of this research was not authored using Artificial Intelligence.

**Author contribution**

The authors are responsible for all aspects of this research.

**Ethics information**

This research has adhered to all ethical considerations, and prior informed consent was obtained from the participants.

**Data availability statement**

All data are securely preserved by the researcher in both online and hard copy formats; they are stored and remain accessible by the researcher at all times.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research, as it is derived from a master's thesis.

**Conflict of interest**

The authors declare that there is absolutely no conflict of interest regarding the publication of this research.

**Acknowledgements**

I would like to extend my sincere thanks and appreciation to everyone who contributed to the completion of this research. Their support, guidance, and assistance throughout the various stages of this study were invaluable to its.

**Original article?**

The study is an origin article from the author to analyze the impact of Turkish TV drama on the values of viewers in Kurdistan region of Iraq.

# لێکەوتەکانی ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی " لێکەوتەکانی ســاختەهەواڵی ســۆشــیال میدیا لەســـەر دڵەڕاوکێی ســیاسی لای گەنجانی زانکۆ لە هەرێمی کوردسـتان" ئامانج لێی تێگەیشـتنێکی قووڵترە لە دیاردەی "ســاختەهەواڵ" لە ســەکۆکانی سـۆشـیال میدیادا، و شـیکردنەوەی ئەو لێکەوتە دەروونییانەی کە لەســـەر گەنجانی زانکۆ دروســـتی دەکات. گرنگیی توێژینەوەکە لە هەنووکەییبوونی بابەتەکەی و کەمیی ئەو ســەرچاوە ئەکادیمییە کوردییانەوە ســەرچاوە دەگرێت کە بە شـێوەیەکی زانسـتی لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە. توێژینەوەکە لە جۆری وەسـفیە ، پشـت بە شـــێوازی چەندێتی دەبەســـتێت و تیایدا ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهێنراوە. هەربۆیە توێژەر؛ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستانە ، کار لەسەر مشتێک کراوە کە گەنجانی زانکۆن بە شێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار بۆ (٤٥٠) گەنج لە زانکۆکانی سـلێمانی، هەولێر، دهۆک و هەڵەبجە، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ڕەگەز و پسـپۆڕییە زانسـتییەکان. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشـتووە بەو دەرئەنجامەی کە دیاردەی سـاختەهەواڵ کاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆ و بەرچاوی لەســەر زیادبوونی "دڵەڕاوکێی سـیاسی" لای گەنجانی زانکۆ هەیە.
**کلیلە وشە:** ساختەهەواڵ، سۆشیال میدیا، دڵەڕاوکێی سیاسی، گەنجانی زانکۆ.

**پێشەکی**
سەکۆکانی سۆشیال میدیا، بەهۆی سروشتی کراوە و خێرایی بڵاوبوونەوەیان، بوونەتە بەپیتترین زەمینە بۆ گەشەکردنی ئەم دیاردەیە، کە تێیدا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕاستی و درۆ زۆر جار ون دەبێت. هاوشان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە، چینی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ، بوونەتە چالاکترین بەکارهێنەری سەکۆکانی سۆشیال میدیا و ئەم سەکۆیانە بوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بۆیان. ئەم بەرکەوتنە بەردەوام و چڕە، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ساختەهەواڵ بە شـێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، کە ئەمەش لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی قووڵی لێدەکەوێتەوە. یەکێک لە دیارترین ئەو لێکەوتانە، دروســتبوونی دیاردەی "دڵەڕاوکێی سـیاسی"یە، کە خۆی لە هەسـتی نادڵنیایی، بێمتمانەیی بەرامبەر بە دامەزراوە سـیاسـییەکان، ترس لە داهاتووی سـیاسی، و هەسـتکردن بە بێتوانایی لە بەرامبەر ڕووداوەکانـدا دەبینێتەوە. کاتێـک ژینگەی میـدیـایی گەنجـان پڕ دەبێت لە زانیـاریی دژبەیەک و نـاڕاســـت، توانـای شیکردنەوەی لۆژیکی و بڕیاری دروستیان لاواز دەبێت. کەلێنی سەرەکی و کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو واقیعەدا دەردەکەوێت: لە لایەک، زیادبوونی ڕۆژانەی پشت بەستنی گەنجان بە سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری؛ و لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی توێژینەوەی زانستیی پێویست لەسەر قەبارە و سروشتی ئەو زیانە دەروونییانەی ،کە ساختەهەواڵ لەسەر ئەم چینە گرنگەی کۆمەڵگە درەستی دەکات

بەشی یەکەم؛ بۆ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و لەوێدا ناونیشـــانی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی، لەگەڵ ئامانج و پرســـیار و کێشـــەی ســـەرەکیی توێژینەوەکە ڕوونکراونەتەوە و ئەو ڕێباز و ڕێکارانەیش دەســـتنیشـــانکراون، کە لە کۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، پاشتر ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە .

بەشێ دووهەم؛ بۆ تیۆرییـنـامەی توێژینەوەکە تەرخـانکراوە و هەربەێ لە گۆڕاوی ســـەرەکیی "ســـاختەهەاڵ" و گۆڕاوی شـــوێنکەوتووی "دڵەڕاوکێ سـیاسی" ناسـێنراون و ڕەهەندە سـەرەکییەکانیان شـیکراونەتەوە. هاوکات سـۆشـیال میدیا وسـەکۆکانی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشێ دەکەن خراونەتەڕوو .

بەشی ســـێهەم؛ بۆ ڕێباز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی داتای توێژینەوەکە تەرخانکراوە و بە وردیی هەنگاوە کردارییەکانی ڕێبازی توێژینەوەی چەندێتی ،ڕێکارەکانی ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی ئەنجامدانی لەگەڵ مشـــتەی تۆێژینەوکە ،کە گەنجانی زانکۆکانی هەرێمـــــی کوردستانە خراوەتەڕوو.

بەشێ چوارهەم؛ بۆ شیکردنەوەی داتای بەدەستهاتووی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. لەم بەشەداو بە پشتبەستن بە ئەو وەڵامانەی لە فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا بە دەستمانهێناوە بۆ هەریەکە لە گۆڕاوەکانی تۆیژینەوەکە بەشیوەیەکی زانستی خراوەتە ڕوو .

بەشی پێنجهەم؛ بۆ ئەنجامگیریی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. جگەلە ئەنجامە گشـــتییەکانی توێژینەوەکە، پێشـــنیاز و ڕاســـپاردەی گونجاو بۆ لایەنی پەیوەندیدار و توێژەرانی داهاتوو خراونەتەڕوو.

1ڕیبازنامەی تۆێژینەوەکە:

1.1.1گرنگیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە هەنووکەییبوون و گرنگیی بابەتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. دیاردەی "ساختەهەواڵ" و لێکەوتە دەروونییەکانی، یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی سەردەمی میدیای دیجیتاڵی، بەڵام لە کتێبخانەی کوردیدا وەکو پێویست توێژینەوەی زانستیی پێویست لەسەر ئەم بوارە ئەنجام نەدراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەم بۆشـــاییە زانســـتییە پڕ بکاتەوە و لە سێ ڕەهەندی ســـەرەکییەوە گرنگیی خۆی دەخاتەڕوو:

– **گرنگیی زانســـتی؛** ئەم توێژینەوەیە وەک ســـەرچاوەیەکی زانســـتیی نوێ، بنەمایەکی تیۆری و زانیاریی گرنگ بۆ کتێبخانەی کوردی دابین دەکات. بە شیکردنەوەی چەمکی ساختەهەواڵ، هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی لە سەکۆکانی سۆشیال میدیادا و لێکەوتە دەروونییەکانی لەسەر گەنجان.

– **گرنگیی کرداری؛** لەسەر ئاستی کرداری، ئەم توێژینەوەیە بۆ گەنجان ڕێنماییکارێکی گرنگ دەبێت ، کە خوێنەری سەرەکیی ئەم کارەن. دەرەنجام و شیکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەرچاوڕوونییەکی تەواو دەدات بە گەنجان کە چۆن مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەگەڵ سەکۆکانی سۆشیال میدیادا بکەن ، وەک سەرچاوەیەکی زانیاری سوودی لێ ببینن. یارمەتییان دەدات ،کە میکانیزمەکانی ناسینەوە و جیاکردنەوەی ساختەهەواڵ لە هەواڵی ڕاست فێربن

– **گرنگیی میدیایی و کۆمەڵایەتی؛** ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی بۆ دامەزراوە میدیاییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە. دەرەنجام و پێشنیارەکانی ئەم کارە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دارشتنی سیاسەتی میدیایی گونجاو و ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی ساختەهەواڵ. هەروەها ئاشناکردنی زیاتری بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا بە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە، وادەکات کە لەبری ئەوەی ببنە هۆکارێک بۆ بڵاوکردنەوەی زیاتری زانیاریی ناڕاست، ببنە بەشێک لە چارەسەر و هۆکارێک بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی.

### 1.1.2: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لەگەڵ ئەو گەشەسەندنە خێرا و بەرچاوەی کە لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکاندا ڕوویداوە، سەکۆکانی سۆشیال میدیا جێگەی میدیای کۆنباوی گرتۆتەوە و بووەتە سەکۆی سەرەکیی گەیشتن بە هەواڵ و زانیاری بۆ چینی گەنج. خاسیەتە دیارەکانی سۆشیال میدیا وەک خێرایی لە بڵاوکردنەوە و ئاسانی لە دەستپێڕاگەیشتندا، وایکردووە کە ببێتە ژینگەیەکی سەرەکی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری. ئەم ژینگە کراوە و خێرایە، لەگەڵ خۆیدا ئالنگارییەکی گەورەشی هێناوەتە ئاراوە، کە بریتییە لە دیاردەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی "ساختەهەواڵ" و زانیاریی ناڕاست. بوونی ئەم دیاردەیە لە سەکۆکانی سۆشیال میدیادا ، لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگا و بەکارهێنەرانی، بەتایبەتی گەنجانی زانکۆ، دروستکردووە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات لە ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵێتەوە و بە دیاریکراوی تیشک بخاتە سەر پەیوەندیی نێوان ساختەهەواڵ و "دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجان

- پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە
- ئایا ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لێکەوتەی هەیە و دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجان دروست دەکات؟
- پرسیارە لاوەکییەکانی توێژینەوەکە

1. لێکەوتەکانی ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لەسەر گەنجان چین؟
2. مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ چین و چ لێکەوتەیەک لەسەر دەروونی گەنجان دروست دەکات؟
3. ئەو جۆرە هەواڵانە کامانەن کە زۆرترین زانیاریی ساختەیان تێدایە و کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەروونی گەنجان هەیە؟

### 1,1,3: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی گشتی و سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ (ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا) و گۆڕاوی پاشکۆ (دڵەڕاوکێی سیاسی)، و تێگەیشتن لە قەبارە و سروشتی لێکەوتەکانی لەسەر گەنجانی زانکۆ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گشتییە و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە، چەند ئامانجێکی دیاریکراو دەستنیشان کراون کە بریتین لە:

1. دەرخستنی لێکەوتەکانی ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا.
2. زانینی ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە پێدانی هەواڵ و زانیاریدا.
3. **3.** زانینی ئاستی پشت بەستنی گەنجان بە سۆشیال میدیا بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ و

### 1.1.4 : جۆر و ڕێباز و شێوازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییەکانە و پشت بە شێوازی چەندێتی دەبەستێت .

### 1.1.5: کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکە.

کۆمەڵگەی گشتیی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرجەم گەنجانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەو زانکۆیانەی دەکەونە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە بریتین لە زانکۆکانی (سلێمانی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سەلاحەدین، پۆلیتەکنیکی هەولێر، دهۆک، و هەڵەبجە). ئەم کۆمەڵگەیە جیاوازییەکانی وەک ڕەگەز، تەمەن، قۆناغی خوێندن، و جۆری پسپۆری لەخۆدەگرێت .مشتەی توێژینەوەکە بەهۆی گەورەیی و بەرفراوانیی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە، توێژەر مشتێکی لێ وەرگرتووە. مشتی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٤٥٠) گەنجی زانکۆ کە بە شێوازی نا هەڕەمەکیی مەبەستدار وەرگیراون، لەهەر زانکۆیەک (٧٥) فۆرم دابەشکراوە وژمارەیەکی زۆر لە فۆرمەکان گەڕاوەتەوە.

### 1.1.5: ئامرازەکانی توێژینەوەکە

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست بریتییە لە (فۆڕمی ڕاپرسی) ئەم فۆڕمە کۆمەڵێک پرسیاری ورد و زانستیی لەخۆدەگرێت، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ئاڕاستەی ئەندامانی مشتی توێژینەوەکە دەکرێ. ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازە، کۆکردنەوەی داتای چەندێتی-یە کە دواتر لە ڕێگەی شیکاریی ئامارییەوە، بناغەی گەیشتن بە دەرەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت.

**1.1.6: سنوورەکانی توێژینەوەکە:** بوار و سنوورەکانی توێژینەوەکە

– **لە ڕووی شوێن-وە؛** سنووری جوگرافیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆ حکومییەکانی پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک و هەڵەبجە) لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کەمشتەی توێژینەوەکەی لێ وەرگیراوە.

– **لە ڕووی مرۆیی-ەوە** سنووری مرۆیی توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجانی  زانکۆ لەو پارێزگایانەی لە سنووری جوگرافیدا ئاماژەیان پێکراوە. ئەم چینە وەک یەکەی شیکاری و سەرچاوەی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە دادەنرێن.

– **لە ڕووی کات-ەوە؛** ئەم توێژینەوەیە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە ،کە کاری مەیدانی و پرۆسەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی تێدا ئەنجامدراوە، کە دەکەوێتە نێوان (مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ساڵی ٢٠٢٥).لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک بابەت وپرسی گرنگ هەبوون لەوانە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان وپرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی عێراق،گومانی تێدانیە ،کە لەنزیکی ئەو پرۆسەیە وکاتی هەڵبژاردنەکان ودوای پرۆسەکەش. ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لە زیاد بووندا دەبێت

– **لە ڕووی بابەتی-ەوە؛** لەسەر ئاستی بابەتی، توێژینەوەکە بە دیاریکراوی تیشک دەخاتە سەر شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی سەرەکی، کە بریتین لە: گۆڕاوی سەربەخۆ "ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا "و گۆڕاوی پاشکۆ "دڵەڕاوکێی سیاسی."دەستنیشان کردنی ئەو لێکەوتانەی لەسەردەروونی گەنجان دروستی دەکەن.

### 1.1.7: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

– لێکەوتەکان: لەم توێژینەوەیەدا، چەمکی "لێکەوتەکان" ئاماژەیە بۆ سەرجەم ئەو گۆڕانکاری و کاریگەرییە دەروونی و هەڵسوکەوتییانەی کە گۆڕاوی سەربەخۆ (ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (دڵەڕاوکێی سیاسی) لای گەنجانی زانکۆ دروستیان دەکات. ئەم لێکەوتانە لە ڕێگەی پێوەرە ئامارییەکانەوە دەپێورێن.

– ساختەهەواڵ: مەبەست لە "ساختەهەواڵ"، هەر جۆرە زانیاری و ناوەڕۆکێکی ناڕاست و چەواشەکارانەیە کە بە ئەنقەست یان بەبێ ئەنقەست لە سەکۆکانی سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێتەوە. ئەم زانیارییانە لەگەڵ ڕاستییەکاندا ناگونجێن و بە مەبەستی شێواندنی ڕای گشتی، تێکدانی سەقامگیری، و کاریگەری دانان لەسەربەکارهێنەر بەرهەم دەهێنرێن.

– سۆشیال میدیا: " ئاماژەیە بۆ ئەو  سەکۆ دیجیتاڵییانەی کە لەسەر بنەمای ئینتەرنێت کاردەکەن و ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن ناوەڕۆک بەرهەم بهێنن، بڵاوی بکەنەوە، و کارلێکی لەگەڵدا بکەن. ئەم سەکۆیانە وەک سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ و زانیاری بۆ گەنجان سەیر دەکرێن و ژینگەی سەرەکی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵن.

– دڵەڕاوکێی سیاسی : لەم توێژینەوەیەدا، "دڵەڕاوکێی سیاسی" بریتییە لە حاڵەتێکی دەروونیی نەرێنی، کە گەنجان بەهۆی بەرکەوتن لەگەڵ ساختەهەواڵی سیاسییەوە تووشی دەبن. ئەم دڵەڕاوکێیە لە هەستی نادڵنیایی، ترس لە داهاتووی سیاسی، بێمتمانەیی بەرامبەر بە سیستم و ئەکتەرە سیاسییەکان، و هەستکردن بە بێتوانایی لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

گەنجانی زانکۆ: مەبەست لە "خوێندکارانی زانکۆ"، ئەو چینە گەنج و خوێندەوارەی کۆمەڵگەیە ،کە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە قۆناغی بەکالۆریۆسدا دەخوێنن و وەک بەکارهێنەری چالاکی سۆشیال میدیا، نموونەی سەرەکی مشتەی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن.

2. (تیۆریینامەی توێژینەوە)

### 2.2.1: ساختەهەواڵ و واتاکانی

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "جۆرێکە لە ڕۆژنامەگەریی ڕووزەرد زەرد یان پڕوپاگەندەیە، کە پێکدێت لە چەواشەکردن بە ئەنقەست، یان ئەو فێڵانەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی چاپکراو، ڕادیۆی تەقلیدی، یان لە سەکۆکانی سۆشیال میدیا لە ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە.(Lazer et al., 2018: 1094) " لە ڕوانگەیەکی وردترەوە، ساختەهەواڵ وەک "زانیارییەکی هەڵە یان چەواشەکراو پێناسە دەکرێت کە شێوە و فۆڕمی هەواڵی ڕاستەقینەی هەیە، بەڵام بە مەبەستی فریودان یان زیانگەیاندن بڵاودەکرێتەوە " .(Gelfert, 2018: 84)لێرەدا پێویستە جیاکاری لەنێوان چەمکەکانی "زانیاریی هەڵە (Misinformation) "و "چەواشەکاری " (Disinformation)دا بکرێت. زانیاریی هەڵە ئاماژەیە بۆ زانیاریی نادروست کە بەبێ مەبەستی زیانگەیاندن بڵاودەکرێتەوە، لە کاتێکدا چەواشەکاری ئاماژەیە بۆ زانیاریی نادروست، کە بە ئەنقەست و بە مەبەستی زیانگەیاندن دروست دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە Wardle) and Derakhshan, 2017: 5).لەم ڕوانگەیەوە، ساختەهەواڵ بە گشتی دەکەوێتە ژێر چەتری چەواشەکارییەوە، چونکە بە مەبەستێکی دیاریکراو دروست دەکرێت.

### 2.2.2: ساختەهەواڵ ومێژوویی سەهەڵدان و بڵاوبوونەوەی

ئەم چەمکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەمکی  (Fake News) ناسراوە و لە عەرەبیدا بە (الأخبار الكاذبة، الأخبار المضللة) دەناسرێت، هەرچەندە چەمکەکە نوێ دیارە، بەڵام دیاردەکە کێشەیەکی کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەسینای کۆن. لەو سەردەمەدا، بازرگانەکان بۆ زیادکردنی دەستکەوتی دارایی، هەواڵی ساختەیان بڵاودەکردەوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر بازاڕ ,Bennett). (37 :2021 مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە وایکرد کە لە مێژووی یاساداناندا هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی بدرێت. بۆ نموونە، یاسای دەستووریی وێستمینستەرلە ( یۆنان)لە ساڵی 1275 دا، کە بەیەکەم کۆدی یاسایی ڕۆژئاوا دادەنرێت، سزای توندی بۆ بڵاوکەرەوەی هەواڵی ناڕاست دیاری کردبوو. لە مێژووی هاوچەرخدا، لەگەڵ داهێنانی تەلەگرافدا، دیاردەی ساختەهەواڵ زیاتر ناسرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، چەمکی "ڕۆژنامەگەریی ڕوو زەرد" سەریهەڵدا، کە یەکەم جار لەلایەن (ئێروین واردمان)، سەرنووسەری ئەوسای ڕۆژنامەی نیویۆرک

تایمزەوە، بەکارهێنرا. ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە وەک "هەواڵێکی کەم دۆکیومێنتکراو کە پشت بە ناونیشانی سەرنجڕاکێش دەبەستێت بە مەبەستی فرۆشی زیاتر" پێناسە کراوە (Lazer et al., 2017: 63).
لەسەر بنەمای زیادەڕەوی کردن لە ڕاستییەکان و شێواندنیان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری، دیاردەی ساختەهەواڵ بەردەوام بوو. لە کاتی هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا، ساختەهەواڵ وەک ئامرازێکی کاریگەری پڕوپاگەندە بەکاردەهێنرا. لێکەوتەکانی ئەوەندە گەورە بوون، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان هەوڵیدا ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکات. دواتر لە ساڵی (1953)دا، نەتەوە یەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی دەرکرد کە 12 وڵات واژوویان کرد و 17 وڵات پەسەندیان کرد، بۆ سنووردارکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوبوونەوەی زانیاریی ناڕاست (Fuchs, 2017: 34). لە سەردەمی تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا، بەهۆی زۆریی ڕووداوەکان و کێبڕکێی میدیاکان بۆ گواستنەوەی خێرای زانیاری، جارێکی دیکە چەمکی ساختەهەواڵ بە شێوەیەکی بەربڵاو کەوتەوە بەر دیدەی بەکارهێنەران. بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە ساڵی 2016 دا، کاتێک (دۆناڵد ترەمپ) ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کرابوون بە "ساختەهەواڵ" ناوبرد، چەمکەکە بە شێوەیەکی جیهانی بڵاوبووەوە (Dentith, 2017: 66). گرنگیی چەمکەکە ئەوەندە بەخێرایی زیادی کرد کە لە ساڵی 2017 دا، فەرهەنگی ئینگلیزیی کۆلینز وەک "وشەی ساڵ" دەستنیشانی کرد (Collins English Dictionary, 2017). بەهۆی لێکەوتە مەترسیدارەکانییەوە، ساختەهەواڵ بووەتە جێگەی بایەخی توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان. پەیمانگای ماساچوستس لە ساڵی 2018 دا لە توێژینەوەیەکدا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە "بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست و ساختە زۆر خێراترە لە هەواڵی ڕاست". پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، سەرهەڵدانی ئینتەرنێت، و سەکۆکانی سۆشیال میدیا، شێوازی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی هەواڵیان بە تەواوی گۆڕی. "هەواڵی ساختە بووەتە پیشەسازییەک، کە پەیوەندیی بە دەرکەوتنی چەندین زاراوەی میدیایی نوێوە هەیە" (مركز الدراسات الإعلامية, 2020: 129). بوونی سەکۆکانی سۆشیال میدیا وایکردووە کە ساختەهەواڵ لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، بەبێ سانسۆر و تێچوون، بڵاوببێتەوە و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە، بەتایبەتی گەنجان، دابنێت. پاڵنەرەکانی دروستکردنی ساختەهەواڵ فرەڕەهەندن و دەکرێت دارایی، کۆمەڵایەتی، بازرگانی، یان سیاسی بن. تازەیی ئەم زاراوەیە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن ساختەهەواڵ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای ژمارەییەوە بەکاردەهێنرێت و گەشە دەکات وە چ لێکەوتەیەک بەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت(Courtney, 2017: 40).

### 2.2.3: ساختەهەواڵ و جۆرەکانی

**<u>یەکەم: پۆلێنکردنی ساختەهەواڵ بەپێی ڕەهەندی جۆر</u>**

**1. ساختەهەواڵ بە شێوەی چیرۆکی دروستکراو(هەڵبەستراو):** ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ،چیرۆکی دروست کراوە بەشێوەی نوسین وتێکست ، وێنەی جوڵاو یان وێنەی وەستاو لەلایەن دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە یان کەس و لایەنێک بۆ مەبەستی گاڵتەجاری،فریودان ، لیکەوتە دروست کردن ،ئەم جۆرە لە ساختەهەواڵ زۆر جار هیچ بنەمایەکی ڕاستی تییدا نیە ، ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ بە خراپترین جۆر دادەنرێت(Rahmanian, 2021:64).

**2. ساختەهەواڵی ناوەڕۆک دەستکاری کراو(شێوێنراو):** لەم جۆرەی ساختەهەواڵ دا ، دەستکاری هەندێک لە زانیاریەکانی نێوناوەرۆکی هەواڵەکە دەکرێت ،واتە هەموو زانیاریەکان نا ، بەڵکو هەندێک لە داتاوزانیاریەکان بۆ مەبەستێکی دیاری کراودەستکاری دەکرێت ودەشێوێنرێت (ساختەوراست) تێکەڵ دەکرێت لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا .زانیاریەکانی ناو ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ سەرنج ڕاکێش وسەرسوڕهینەرن، بە مەبەستی هەستیار وقایلاندن و گۆڕینی بیروڕاو چەواشەکردن، خزمەت کردن بە ئایدۆلۆژیاییەکی سیاسی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجێکی دیاری کراو بەکاردێت **(**Mackson,2019, 365 **)**.

**3. ساختەهەواڵی سەرچاوە نادیار یان پشت ڕاستنەکراوە:** ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ، بە زانیاریی نادروست و بۆ بەمەستی فریودان بەرهەم دەهێنرێت ، لە سەرچاوەی نادیارو باوەڕ پێنەکراوەوەیان سەرچاوەی وەهمی و ساختە ونەناسراو زانیارییەکان وەردەگرێت ، هیچ جۆرە پشت ڕاستکردنەوەی بۆناکرێت ،لێکەوتە لە سەرباوەڕی بەکارهێنەرو هەڵسوکەوت بڕیارەکانی دروست دەکات.(عەلی٢٤:٢٠٢٠)

**4. ساختەهەواڵی تەنز ئامێزو گاڵتەجاڕی** : ناوەڕۆکی ئەم جۆرە لە ساختەهەواڵ گاڵتە جاڕانەیەو زیادەڕەوی زۆر لە گاڵتەپێکردندا دەکات، بۆ مەبەستی ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەو ڕووداو کەسایەتیەکان بەکاردێت هەندێک جار بە شێوەی خۆشەویستی پێکەنیناوی پێشکەش دەکرێت ، ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ بەوە دەناسرێتەوە،کە جەخت لە سەر یەک خاڵ دەکاتەوە لە نێو زانیارییەکاندا ،بڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە لە ساختەهەواڵ زۆر زیان ناگەین، چونکە زۆرجار سەرچاوەی هەواڵەکە نادیارە(Pennycook, 2021: 7 ).

**5. تێکەڵ کردنی زانیاری ساختە وڕاست؛ (شێواندنی زانیاری):** ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ زانیاری ڕاست وناڕاست تیکەڵ دەکرێت لە کۆی زانیاریەکانی نیو هەواڵەکە ، هەر لە ناونیشانەوە تا کۆتای هەواڵەکە ، بە زانیاری وێنەو گرتە ڤیدیوکانیشەوە، ناوەڕۆکە ڕاست باوەڕپێکراوەکان لەگەڵ زانیاری گومانای ساختەکان بە جۆرێک تێکەڵ دەکەن وساختەهەواڵی لێ بەرهەم دەهێنرێت کە جیاکردنەوەو ناسینەوەی کارێکی قورس دەبیت لای بەکارهێنەر، (Di Domenico, 2020: 229).

**6. مانشێت یان سەردێڕو ناونیشانی ساختە:** لەم جۆرەی ساختەهەواڵ، لە دەستپێکی هەواڵەکەوە دەست پێدەکات، لە ناونیشان یان سەردێڕو مانشێتیەوە،ئەم جۆرە بەو دەناسرێتەوە کە وەسف وپیاهەڵدانی زۆر دەکات ،بوونی ئەم جۆرە لە ساختەهەواڵ لە هەر سەکۆیەکی سۆشیال میدیا،باوەڕپێکراوی میدیای ومتمانە لای بەکارهێنەرکەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەر لە دەستپێکی هەواڵەکەدا هەوڵی فریودان دەدرێت بۆ بابەتێک کە ساختەیە یان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە یەکانگیر نین وپشتڕاست نەکراوەن (Courtney, 2017, 12).

**7. ساختەهەواڵی لایەنگری یان بە مەبەست هەڵبژێراو:** مەبەست لەو زانیاریانەی نێوهەواڵە، کە لەڕوانگەی تایبەتەوە هاتون زۆر جار پشت بە پڕوپاگەندە دەبەستن، ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ بە شێوەیەیی لایەنگری بەرهەم دەهێنرێت لەم جۆرەدا زیاتر تیشک دەخرێتەسەر

یەک دیوی زانیاریەکانی نێوهەواڵەکە بە مەبەست بۆزیاتر سەرنجڕاکێشان بە دەست هێنانی متمانە،ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ زیاتر بۆ هەواڵانەیەکە ناوەڕۆکی سیاسی وکۆمەڵایەتیان هەیە، یان بۆبەرژەوەندییە تایبەتییەکان و لایەنگری بۆ حزب و کاندیدەسیاسیەکان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا زیاتر بڵاودەکرێنەو بە شێوەی پلان و پیلان و کارنامەی رێکخراو ( Rahmanian, 2021:64).

**8. ساختەهەواڵی کلیکبەیت:** کلیکبەیت" بریتیە لەسەرنج ڕاکێشانی بەکارهێنەر بۆ بابەتێک بەمەبەستی کرتە کردن(کلیک)کردن لە سەربابەتێک بە بەکارهێنانی ناونیشانی سەرنجڕاکێش وگەورەکراوتر لە قەبارەی خۆی"،ئامانجی سەرەکی لە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرەی ساختەهەواڵ زیاد کردنی بینین وسەردانی کردنی زیاتری ماڵپەڕو پێگەو سەکۆکانی سۆشیال میدیایە، بەمەبەستی زیاد کردنی داهات لە ڕێگەی زیاد کردنی ڕێژەی بینین سەیرکردنی زیاتری بەکارهێنەر، ڕەچاوی بەها پیشەیی یاسایی وئیتیکی کاری میدیای ناکرێت ،زیاتر لە پێناوی بە دەست هینانی (لایک، ڤیو) هەواڵ بەرهەم دەهێنرێت(Robson, 2003: 2-5).

**9. واتەوات:** شارەزایان پێان وایە واتە وات جۆرێکە لە جۆرەکانی ساختەهەواڵ ،واتە وات''گێرانەوەیەکە لە ڕێگەی پەیوەندی کەسییەوەدەگوازرێتەوە بە بێ بوونی سەرچاوەیەک کە ڕاستیەکەی بسەلمێنێت،، لەبەر ئەوەی دروست کراوە بۆبابەتێك،یاخود هەواڵێکە کە لە بنەڕەتدا هیچ بنەمایەکی نیە دەربڕینی ئەو هەواڵەش بە ووشە ،وێنەی کاریکاتێری یاخود نوکتە دەبێت''لەو پێناسەیدا ئاماژە دراوە بەوەی لەڕێگەی پەیوەندی کەسیەوە واتە وات دەگوازرێتەوە، لە ئیستادا دەتوانین بڵێن سەکۆکانی سۆشیال میدیا هۆکاری گواستنەوەی واتە واتن،زانیاری ساختە وناڕاست وسەرچاوە نادیارن بۆئەجیندایەکی دیاری کراو دروست دەکرێت کەدەشێت سیاسی ، ئابوری ، ئاینی کۆمەڵایەتی بێت وبلاوی دەکەنەوە (أغرول ،٢٠١٩: ١١٦).

**<u>دووەم: پۆلێنکردنی ساختەهەواڵ بەپێی ڕەهەندە کاتییەکانی بڵاوبوونەوە</u>**

**1. ساختەهەواڵی کاتی (Transient/Short-lived Fake News):** ئەم جۆرە ساختەهەواڵە بۆ ماوەیەکی کورت بڵاودەبێتەوە و لێکەوتەی خێرا نامێنێت. زۆرجار پەیوەستە بە ڕووداوێکی دیاریکراو یان بابەتێکی کاتییەوە کە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت و دوای ماوەیەک لەبیر دەکرێت. ئەم جۆرە هەواڵانە بە خێرایی بڵاودەبنەوە بەڵام بە هەمان خێرایی کاریگەرییان کەم دەبێتەوە کاتێک ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن یان بابەتەکە بەهاو گرنگییەکەی لەدەست دەدات (Shu et al: 2017:22).

**2. ساختەهەواڵی هەمیشە (Persistent/Long-lived Fake News):** ساختەهەواڵی هەمیشەیی ئەو جۆرەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بڵاودەبێتەوە و لێکەوتەی بەردەوام دەبێت. ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار دەبنە بەشێک لە بیروباوەڕی گشتی یان پروپاگەندەی درێژخایەن کە بە قورسی دەتوانرێت ڕەت بکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگەی زانستی و فەرمیش بۆ ڕەتکردنەوەی هەبێت. ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار لەسەر بنەمای تیۆری پیلانگێڕی، بیروباوەڕی قووڵی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دروست دەکرێن و بەردەوام دەبن لە مانەوە، چونکە لەگەڵ مەسلەحەت و ئارەزوو و بیرکردنەوەی بەشێک لە خەڵکدا دەگونجێن(lazer et al, 2018:1094).

**1. ساختەهەواڵی ناوبەناو (Intermittent/Recurrent Fake News)**

ئەم جۆرە ساختەهەواڵە بە شێوەیەکی ناوبەناو یان وەرزی سەرهەڵدەداتەوە. واتە، دوای ماوەیەک لە بڵاوبوونەوە و کەمبوونەوەیلێکەوتەکەی، لە کاتێکی دیکەدا بەهۆی ڕووداوێکی هاوشێوە یان هەلومەرجێکی گونجاوەوە دووبارە بڵاودەبێتەوە. ئەم جۆرە هەواڵانە دەتوانن لە کاتی قەیرانەکاندا یان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دووبارە بوروژێنرێنەوە، وەک پەتایەکی نوێ یان قەیرانێکی ئابووری (kruijver, 2025).

سێهەم: <u>پۆلێنکردنی ساختەهەواڵ بەپێی سنووری بڵاوبوونەوە (ڕەهەندی جوگرافی)</u>

**1. ساختەهەواڵی ناوخۆیی (Local Fake News):**ئەم جۆرە ساختەهەواڵە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو یان کۆمەڵگایەکی بچووکدا بڵاودەبێتەوە. زۆرجار پەیوەستە بە پرسە ناوخۆییەکان، هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان، یان کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکە. سەرچاوەی ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار لەناو هەمان کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت و ئامانجی کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی ناوخۆییە ( Pauli, 2018: 563).

**2. ساختەهەواڵی هەرێمی (Regional Fake News):** ساختەهەواڵی هەرێمی لە سنوورێکی جوگرافی فراوانتردا بڵاودەبێتەوە کە چەندین ناوچە یان وڵاتێک دەگرێتەوە کە پەیوەندی جوگرافی یان کولتووریان پێکەوە هەیە. ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار پەیوەستن بە پرسە هەرێمییەکان، وەک ململانێ سیاسییەکان، قەیرانە ئابوورییەکان، یان بابەتە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان. سەرچاوەی بڵاوبوونەوەیان دەتوانێت لەناو یەکێک لە وڵاتانی هەرێمەکە یان لە دەرەوەی هەرێمەکە بێت بە مەبەستی کاریگەری خستنە سەر سەقامگیری هەرێمەکە (Darendeli, 2024). .

**3. ساختەهەواڵی جیهانی (Global Fake News):** ساختەهەواڵی جیهانی ئەو جۆرەیە کە بە خێرایی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبێتەوە و کاریگەرییەکەی سنووردار نییە بە هیچ ناوچەیەکی دیاریکراو. ئەم جۆرە هەواڵانە زۆرجار پەیوەستن بە پرسە جیهانییەکان، وەک پەتای جیهانی، گۆڕانی کەشوهەوا، یان ململانێ نێودەوڵەتییەکان. سەرچاوەی بڵاوبوونەوەیان دەتوانێت لە هەر شوێنێکی جیهانەوە بێت و بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای دیجیتاڵییەوە بە خێرایی بڵاودەبێتەوە (Agarwal et al, 2020).

**2. باژی سێهەم/ سۆشیال میدیا**

3. لەگەڵ سەهەڵدانی سەکۆ و ئەکاوننتی ماڵپەری ئەلکترۆنی و دواتر گەشەسەندنی سەکۆ جیاوازەکانی سۆشیال میدیا مرۆڤایەتی بردە قۆناغێکی تری ژینگەی میدیایی و کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕای گشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لێکەوتەوە و بوونە دەلاقەیەک بۆ سەرهەڵدانی هاوڵاتی ڕۆژنامەنووس و بڵندگۆی نوێ، بەمەش گۆڕانکاری لەم میدیای جەماوەریی بۆ میدیای جەماوەر دەرکەوت(تاڵەبانی و ڕێشاوی، 2020: 113-114).

4. دەرکەوتنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بە تایبەتی سەکۆکان شۆڕشێک بوو بەسەر ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکاندا کە کارلێکی قووڵترکرد و گۆڕانکاری گەورەی کرد لە شێوازی بڵاوکردنەوەی زانیاری و کارلێکی نێوان بەکارهێنەران (Brito, 2021 :237-238). سەرهەڵدانی سەکۆکانی سۆشیال میدیا شۆڕشێکی نوێ بوو لە ژینگەی دیجیتاڵییدا بەسەر ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکاندا کە بەشێک بوون لە میدیای دیجیتاڵی و پێشەنگی گۆڕانکاری میدیایی بوون، سەکۆکان کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانیان گۆڕی جیاواز لە ماڵپەرەکان بە بوونی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان(Clark et al., 2018: 32-37). بە بوونی لێکەوتەی ئەرێنییان زیاتر لە ماڵپەرەکان، سەکۆکان بوونە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان هاولاتی و حکومەت و بەتەواوەتی بوونە هاوشانی کەناڵە میدیاییە دیجتاڵییەکان و جێگرەوەی میدیای کۆنباو (Bačík & Klobučník, 2021). هەروەها سەکۆکان سیمای بازرگانی ئەلکترۆنییان گۆڕی و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی کەسی بە تایبەتی فەیسبووک مۆدێلی کێبڕکێی داهێنا لە ڕێگەی سپۆنسەر و گەیشتن بە زۆرترین بەکارهێنەرو تەکنەلۆژیا و کۆمپانیاکانی پرۆگرامین داواکاری لە ڕێگەی ئەپی تایبەتەوە لە موبایلدا فەراهەم کرد ئاسانتر لە ماڵپەرەکان (Zwass, 2018: 159-160). بڵاوبوونەوەی سەکۆکان بە خێرایی بەهۆکاری بوونی تایبەتمەندی ناوازەبوو تێیاندا لەوانە ,ئاسانی لەبەکارهێنان، پێکەوەبەستن و پەیوەندی خێرا، کرانەوە و بەجیهانیبوون، کارلێککردنی خێرایی و کەمی تێچوون، هاوبەشیکردن، گوزارشتکردن لەخۆ، ئاسان هەڵگرتن و پاشخانکردن، کات بەسەربردن و هەمەجۆری (عومەر و ئەنجومەن، 2023: 91). تایبەتمەندییەکان سەکۆکانی سۆشیال میدیا بۆ شەش جۆر دابەشکردن لەوانە، جۆری(پەیوەندییە تۆڕ) بە شیوازی دەنگ و ڕەنگ و تێکست لە هەژماری تایبەتی کەسییەوە لەوانە، Facebook -Instagram- Tweeter -LinkedIn -Myspace، جۆری (ڤیدیۆ تۆڕ) نمونەی چەناڵی YouTube، جۆرێ (تۆڕەکانی وێنە) وەک Instagram- Snapchat، جۆری دەنگی (دەنگە تۆڕ) پۆدکاست بە نمونە، جۆری (بلۆگەکان) و جۆری (چات) ژوورەکانی گفتووگۆ کە خزمەتگوزاری بەژداربوون بۆ بەکارهێنەر دەرەخسێنێ(جوان، 2023: 37-38 ).

5. **4.2: پاژی چوارەم/ دڵەڕاوکێی سیاسی**

6. **1.4.2: دڵەراوکێی سیاسی و چەمک و واتاکانی**

7. **چەمکی دڵەڕاوکێی سیاسی؛** هەرچەندە لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینییەوە وەرگیراوە، بەڵام وەک چەمکێکی سەربەخۆ لە زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەم سالانەی دواییدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە. ئەم چەمکە "ئاماژەیە بۆ هەندێک تایبەتمەندی وەک ناسەقامگیری، کە کاریگەریی خراپی لەسەر دەروون و ژیانی کەسەکان هەیە". بە شێوەیەکی کردەیی، دڵەڕاوکێی سیاسی ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخە دەروونییە نەرێنییەی کە لە ئەنجامی هەڕەشە یان مەترسیی سیاسییەوە دروست دەبێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەشداریی سیاسی، هەڵوێستی هاووڵاتیان، و سەقامگیریی سیاسی هەیە :Rico, Guinjoan, and Anduiza, 2017). (710 مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ کاری دەروونناسان، بەتایبەت "سیگمۆند فرۆید" لە ساڵی 1894 دا (زعتر، 2010: 10). دواتر، لە ساڵی 1967 دا، "ڕۆبەرت داڵ" و هاوڕێکانی کاریان لەسەر ئەم چەمکە کرد. ڕۆبسن پێی وابوو کە دڵەڕاوکێی سیاسی "ئەو هێزە نەرێنییەیە کە هاولاتی دەکاتە بینەرێکی تەواو وەرگر و پاسیڤ و گاڵتە بە کردەی سیاسی دەکات ,Rahmanian " (2021:64. داڵ، وەک شارەیەک لە زانستی سیاسی، پێناسەیەکی وردتری کردووە و دەڵێت "دڵەڕاوکێی سیاسی ئەو بارە دەروونییەیە کە لای هاووڵاتی دروست دەبێت کاتێک گومانی لە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی دەبێت". بە بۆچوونی ئەو، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نارەزایی (Dahl, 1971: 15). شارەزایان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەندێک تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی دڵەڕاوکێی سیاسی هەیە، بەتایبەت لەناو گەنجان و ژناندا .(Tufekci, 2017: 78) (هاولاند، 2020) دەڵێت، ئێمە هەست بە فشاری دەرونییەکان دەکەین لە جەستەماندا؛ گرژی، سەرئێشە، و تێکچوونی خەو نیشانەکانی ئەم دۆخەن.

8. **بەشی سێهەم: کردەنیینامەی توێژینەوەکە**

9. **3.1: پاژی یەکەم / ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە**

10. **تەوەری یەکەم: تایبەتمەندی دیمۆگرافی:** بەپێی ئەو زانیاریانەی لە خشتەی(١) داخراوەتە ڕوو، ژمارەی هەردوو ڕەگەزی بەشدار بووی فۆڕمی ڕاپرسیەکە ئاماژەی پێدراوە.

**خشتەی (1)**

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 168 | 41.58 | 2 |
| مێ | 236 | 58.42 | 1 |
| کۆی گشتی | 404 | 100 | |

خشـتەی (1)؛ دابەشـبوونی ڕەگەزی مشـتەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. دەرەنجامەکان نیشـانی دەدەن کە هەردوو ڕەگەز بەشـداربیان لە وەڵامدانەوەی پرسـیارەکاندا کردووە، بەڵام جیاوازییەک لە ڕێژەی بەکارهێناندا بەدی دەکرێت. ڕەگەزی (مێ) بە ڕێژەی (58.42%) زۆرینەی بەکارهێنەرانی سـەکۆکانی سـۆشـیال میدیا پێکدەهێنن و لە پلەی یەکەمدا دێن، لە کاتێکدا ڕەگەزی (نێر) بە ڕێژەی (41.58%) لە پلەی دووەمدا جێگیر بوون،لەکۆی(450) فۆڕمی دابەشکراو(404) فۆڕم بە دروستی گەڕانەوە توانرا سود لە زانیاریەکانی ناوی وەربگیرێت .

**تەوەری دووەم: بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای سامپڵی توێژینەوەکە.**

**خشتەی (2)ڕوونکاری بەکارهێنەری کام جۆرەی ژانەری میدیایی ناو سۆشیال میدیایت**

| ڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 387 | 51.88 | 1 |
| ووتار | 75 | 10.05 | 3 |
| دیدار | 38 | 5.09 | 6 |
| چاوپێکەوتن | 93 | 12.47 | 2 |
| گفتوکۆ | 56 | 7.51 | 4 |
| ڕیپۆرتاژ | 17 | 2.28 | 8 |
| بەدواداچوون | 27 | 3.62 | 7 |
| بنکۆڵکاری | 13 | 1.74 | 9 |
| دۆکیۆمێنتاری | 40 | 5.36 | 5 |
| فیتچەر | 0 | 0.0 | 10 |
| ڕیکلام | 0 | 0.0 | 10 |
| کاریکاتێر | 0 | 0.0 | 10 |
| بانگەشە | 0 | 0.0 | 10 |
| هەڵمەتی هۆشیاری | 0 | 0.0 | 10 |
| کۆی گشتی | 746 | 100 | |

خشـتەی (2) ئارەزووی مشـتەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە ژانەرە میدیاییە جیاوازەکان لە سـەکۆکانی سـۆشـیال میدیادا دەخاتەڕوو. دەرەنجامەکان بە ڕوونی باڵادەسـتیی ژانەری (هەواڵ) نیشـان دەدەن، کە بە ڕێژەی (51.88%) پلەی یەکەمی گرتووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆرینەی گەنجان سـۆشـیال میدیا وەک سـەرچاوەی سـەرەکی بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان بەکاردەهێنن. لە پلەی دووەمدا، ژانەری (چاوپێکەوتن) دێت بە ڕێژەی (12.47%)، کە بۆ تێگەیشـتنی قووڵتر و وەرگرتنی زانیاریی وردتر بەکاردێت. ژانەری (ووتار)یش بە ڕێژەی (10.05%) لە پلەی سێیەمدا جێگیر بووە، کە ئاماژەیە بۆ خواستی خوێنەران بۆ شیکردنەوە و بیروڕا.

**خشتەی (3)ڕوونکاری ئەو بابەتانەی کە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ساختەهەواڵی زیاتریان تێدایە**

| ڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| سیاسی | 299 | 37.75 | 1 |
| ئابوری | 88 | 11.11 | 3 |
| کۆمەڵایەتی | 131 | 16.54 | 2 |
| تەندروستی | 71 | 8.96 | 5 |
| بازرگانی | 55 | 6.94 | 6 |
| زانستی | 23 | 2.90 | 8 |
| ژینگەیی | 17 | 2.15 | 9 |
| پەروەردەیی | 29 | 3.66 | 7 |
| ئاینی | 79 | 9.97 | 4 |
| وەرزشی | 0 | 0.0 | 10 |
| کۆی گشتی | 792 | 100 | |

خشـتەی (3)؛ تێڕوانینی مشـتەی توێژینەوەکە دەربارەی ئەو بابەتانە دەخاتەڕوو کە زۆرترین ئەگەری بڵاوبوونەوەی سـاختەهەواڵیان تێدایە. دەرەنجامەکان بە ڕوونی دەریدەخەن کە بواری "ســیاســەت" پشــکی شــێری بەرکەوتووە. (37.75%)ی گەنجان باوەڕیان وایە کە بابەتە (سـیاسی)یەکان زۆرترین سـاختەهەواڵیان لەسـەر بڵاودەکرێتەوە، کە ئەمەش پلەی یەکەمی بەم بوارە بەخشـیوە. لە پلەی دووەمدا، بابەتە (کۆمەڵایەتی)یەکان دێن بە ڕێژەی (32,30%). هەروەها، (11.11%)ی بەشداربووان پێیان وایە کە بابەتی (ئابووری) سـەرچاوەیەکی دیکەی سـەرەکیی ساختەهەواڵە و لە پلەی سێیەمدا جێگیر بووە. بە بۆچوونی توێژەر بایەخدانی زۆری بەکارهێنەران بە هەواڵ لە سۆشیال میدیادا، دەرەنجامی سروشــتی ژیانی خێرای ســەردەم و پێویســتیی تاکە بۆ زانینی خێرای ڕووداوەکانی دەوروبەر و جیهان. ســۆشــیال میدیا بەهۆی تایبەتمەندییەکی وەک خێرایی، کورتی و نوێبوونەوەی بەردەوام، باشـترین وەڵامە بۆ ئەم پێویسـتییە. هەروەها بوونی داتا، ئامار و وێنە لەگەڵ هەواڵەکاندا، متمانە و سەرنجڕاکێشیی هەواڵەکان زیاد دەکات و خوێنەر زیاتر پەلکێش دەکات.

**تەوەری سێهەم: ساختەهەواڵ و لێکەوتەکانی لەسەر شێوازەکانی دڵەڕاوکێی سیاسیی**

**خشتەی (4) ڕوونکاری ساختەهەواڵ و لێکەوتەکانی لەسەر شیوازەکانی دڵەڕاوکێی سیاسیی**

| برگە | زۆر لەگەڵیدانی | لەگەڵــیــدا نیم | نازانم | لەگەڵیدام | زۆر لەگەڵیدام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S. D | RI | Results |
| سـاختەهەواڵ دەبێتەمایەی نائارامیی سیاسیی | 15 | 11 | 45 | 140 | 193 | 4.20 | 0.99 | 84.0 | زۆر لەگەڵیدام |
| | 3.71 | 2.72 | 11.14 | 34.65 | 47.77 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مـایەی ســەکـوتـکـاریی سیاسیی | 13 | 31 | 99 | 141 | 120 | 3.80 | 1.05 | 76.0 | لەگەڵیدام |
| | 3.22 | 7.67 | 24.50 | 34.90 | 29.70 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی گەندەڵیی سیاسیی | 13 | 25 | 63 | 119 | 184 | 4.08 | 1.07 | 81.6 | لەگەڵیدام |
| | 3.22 | 6.19 | 15.59 | 29.46 | 45.54 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبیتە مـایەی خـراپ ئـیـدارەدانی سیاسیی | 20 | 25 | 70 | 131 | 158 | 3.95 | 1.12 | 79.0 | لەگەڵیدام |
| | 4.95 | 6.19 | 17.33 | 32.43 | 39.11 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی پەڕاوێزخستنی سیاسی | 21 | 35 | 89 | 135 | 124 | 3.76 | 1.13 | 75.2 | لەگەڵیدام |
| | 5.20 | 8.66 | 22.03 | 33.42 | 30.69 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی دەستوەردانی سیاسیی | 22 | 31 | 97 | 118 | 136 | 3.78 | 1.15 | 75.6 | لەگەڵیدام |
| | 5.45 | 7.67 | 24.01 | 29.21 | 33.66 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی دابەشکاریی سیاسیی | 18 | 42 | 98 | 127 | 119 | 3.71 | 1.13 | 74.2 | لەگەڵیدام |
| | 4.46 | 10.40 | 24.26 | 31.44 | 29.46 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مـایەی ململانێی نـاجۆریی سیاسیی | 25 | 26 | 66 | 135 | 152 | 3.90 | 1.16 | 78.0 | لەگەڵیدام |
| | 6.19 | 6.44 | 16.34 | 33.42 | 37.62 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی ترس لە ئایندەی نادیاری سیاسیی | 24 | 18 | 54 | 126 | 182 | 4.05 | 1.14 | 81.0 | لەگەڵیدام |
| | 5.94 | 4.46 | 13.37 | 31.19 | 45.05 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی قەیرانی دارایی لەسەر سیاسەت | 28 | 23 | 72 | 111 | 170 | 3.92 | 1.20 | 78.4 | لەگەڵیدام |
| | 6.93 | 5.69 | 17.82 | 27.48 | 42.08 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی شێواندنی | 22 | 27 | 50 | 176 | 129 | 3.90 | 1.09 | 78.0 | لەگەڵیدام |
| | 5.45 | 6.68 | 12.38 | 43.56 | 31.93 | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆشیاریی سیاسیی | | | | | | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی بلاوبونەوەی گوتاری ڕقوکینە | 23 | 18 | 70 | 127 | 166 | 3.98 | 1.13 | 79.6 | لەگەڵیدام |
| | 5.69 | 4.46 | 17.33 | 31.44 | 41.09 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی شێواندنی ناو و ناوبانگی سیاسەتمەداران و لایەنە سیاسییەکان | 25 | 31 | 66 | 130 | 152 | 3.87 | 1.18 | 77.4 | لەگەڵیدام |
| | 6.19 | 7.67 | 16.34 | 32.18 | 37.62 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی نەمانی متمانە بەپرۆسەی سیاسیی | 22 | 19 | 71 | 121 | 171 | 3.99 | 1.13 | 79.8 | لەگەڵیدام |
| | 5.45 | 4.70 | 17.57 | 29.95 | 42.33 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی زاڵبوونی گوتاری پۆپۆلیستی (مێگەلگەرایی) | 14 | 32 | 102 | 131 | 125 | 3.79 | 1.07 | 75.8 | لەگەڵیدام |
| | 3.47 | 7.92 | 25.25 | 32.43 | 30.94 | | | | |
| ساختەهەواڵ دەبێتە مایەی نەهێشتنی دایالۆگی سیاسیی | 36 | 37 | 87 | 120 | 124 | 3.64 | 1.25 | 72.8 | لەگەڵیدام |
| | 8.91 | 9.16 | 21.53 | 29.70 | 30.69 | | | | |
| کۆی گشتی | 341 | 431 | 1199 | 2088 | 2405 | 3.89 | 1.13 | 77.90 | لەگەڵیدام |
| | 5.28 | 6.67 | 18.55 | 32.30 | 37.21 | | | | |

خشتەی(4)، کاریگەرییەکانی ساختەهەواڵ لەسەر دروستبوونی شێوازە جیاوازەکانی دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجانی زانکۆ بە وردی دەخاتەڕوو. شیکردنەوەی داتاکان نیشانی دەدات کە زۆرینەی ڕەهای مشتەکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ساختەهەواڵ هۆکارێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆیە بۆ دروستبوونی دڵەڕاوکێی سیاسی. بە دیاریکراوی، (37.21%)ی بەشداربووان وەڵامی (زۆر لەگەڵیدام) و (32.3%) وەڵامی (لەگەڵیدام)یان هەڵبژاردووە، کە پێکەوە ڕێژەی بەرچاوی (69.51%) پێکدەهێنن. ئەم کۆدەنگییە بەرزە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی گەنجان هەست بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە دەکەن. لە بەرامبەردا، تەنها ڕێژەیەکی کەم (5.28%) وەڵامی (زۆر لەگەڵیدا نیم) و (6.67%) وەڵامی (لەگەڵیدا نیم)یان داوەتەوە، لە کاتێکدا (18.55%) بێلایەن بوون یان نەیانزانیوە. ناوەندی ژمێرەیی گشتی (3.89) و گرنگیی ڕێژەیی (77.9%) بە ڕوونی پشتڕاستی دەکەنەوە کە ئاراستەی گشتیی مشتەکە بەلای (لەگەڵیدام)دا دەشکێتەوە و لادانی پێوانەیی (1.13)یش نیشانەی لێکنزیکیی وەڵامەکانە.__________

**تەوەری حەوتەم: لێکەوتەکانی هەواڵی ساختەی سۆشیال میدیا لەسەر دڵەڕاوکێێ سیاسیی گەنجانی زانکۆ**

خشتەی (5) ڕوونکاری لێکەوتەکانی ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لەسەر دڵەڕاوکێێ سیاسیی لای گەنجانی زانکۆ

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم | نازانم | لەگەڵیدام | زۆر لەگەڵیدام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S. D | RI | Results |
| هەواڵە سیاسییە ساختەکان وادەکات هەست بە نادڵنیایی بکەم لەداهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان | 14 | 29 | 79 | 144 | 138 | 3.90 | 1.06 | 78.0 | لەگەڵیدام |
| | 3.47 | 7.18 | 19.55 | 35.64 | 34.16 | | | | |
| هەواڵی ساختە ترسم لە نائارامی سیاسی لە وڵاتەکەمدا | 11 | 29 | 78 | 170 | 116 | 3.87 | 0.99 | 77.4 | لەگەڵیدام |
| | 2.72 | 7.18 | 19.31 | 42.08 | 28.71 | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زیادەکات. | | | | | | | | | |
| بەهۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە، متمانەم بە دامەزراوە سیاسییەکان کەمتربووە. | 6 | 31 | 78 | 147 | 142 | 3.96 | 0.99 | 79.2 | لەگەڵیدام |
| | 1.49 | 7.67 | 19.31 | 36.39 | 35.15 | | | | |
| هەواڵی سیاسییە دژ بەیەکەکان کاریگەریی لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانم کردووە. | 9 | 55 | 93 | 140 | 107 | 3.70 | 1.07 | 74.00 | لەگەڵیدام |
| | 2.23 | 13.61 | 23.02 | 34.65 | 26.49 | | | | |
| دڵەڕاوکێی سیاسییم کاتێک زیاتر دەبێت کە بۆم دەردەکەوێت ئەو هەواڵانەی کە بەدوایدا دەگەڕێم نادرووستن. | 11 | 44 | 77 | 141 | 131 | 3.83 | 1.08 | 76.6 | لەگەڵیدام |
| | 2.72 | 10.89 | 19.06 | 34.90 | 32.43 | | | | |
| کۆی گشتی | 51 | 188 | 405 | 742 | 634 | 3.85 | 1.04 | 77.03 | لەگەڵیدام |
| | 2.52 | 9.31 | 20.05 | 36.73 | 31.39 | | | | |

خشتەی (5)؛ لێکەوتەکانی هەواڵی ساختەی سۆشیال میدیا لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆ دەخاتەڕوو. شیکردنەوەی داتاکان نیشانی دەدات کە زۆرینەی بەشداربووان هاوڕان لەسەر بوونی ئەم لێکەوتانە. بە دیاریکراوی، (31.39%)ی بەشداربووان وەڵامی (زۆر لەگەڵیدام) و (36.73%) وەڵامی (لەگەڵیدام)یان هەڵبژاردووە، کە پێکەوە ڕێژەی (68.12%) پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، تەنها ڕێژەیەکی کەم (2.52%) وەڵامی (زۆر لەگەڵیدا نیم) و (9.31%) وەڵامی (لەگەڵیدا نیم)یان داوەتەوە، لە کاتێکدا (20.05%) بێلایەن بوون. ناوەندی ژمێریی گشتی (3.85) و گرنگیی ڕێژەیی (77.03%) بە ڕوونی پشتڕاستی دەکەنەوە کە ئاراستەی گشتیی سامپڵەکە بەلای (لەگەڵیدام)دا دەشکێتەوە و لادانی پێوانەیی (1.04)یش نیشانەی لێکنزیکیی وەڵامەکانە.

**1.5:دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە توانیی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەڵێ بۆ پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە (ئایا ساختەهەواڵی سۆشیال میدیا لێکەوتەی هەیە و دڵەڕاوکێی سیاسی لای گەنجان دروست دەکات؟) بسەلمێنێت.

1. زۆرترین ڕەگەز کە بەشدار بوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە ڕەگەزی (مێ)یە ، کەبەکارهینەرێکی باشی سەکۆکانی سۆشیال میدیان
2. پەیوەندییەکی ئاماریی بەهێز (بەهای 0.718) لەنێوان بەرکەوتن لەگەڵ هەواڵی درۆی سیاسی و زیادبوونی ئاستی دڵەڕاوکێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە.
3. لەناو ژانرەکاندا هەواڵ لەناو هەواڵیشدا هەواڵی سیاسیی توانی ئەو جۆرە هەواڵانە کە (سیاسی)ن دەرکەوت (37.75%)، دەستنیشان بکات کە زۆرترین لیکەوتە لەسەردەروونی گەنجان دروست بکات و توشی دڵەڕاوکێی سیاسیان بکات
4. لیکەوتە نەرینیەکانی ساختە هەواڵ زۆرە جۆراوجۆرن بەردەوام ڕوو لە زیاد بوون دەکەن ، لەگەڵ زیاتر بەرکەوتنی مشتەی توێژینەوەکە بە هەواڵ زنیاری ساختە ەۆک لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتە ڕوو.
5. ئەم دڵەڕاوکێیە خۆی لە هەستی نادڵنیایی، ترس، و بێمتمانەیی بەرامبەر بە سیستەم و دۆخی سیاسی دەبینێتەوە، وەک ئەوەی لە خشتەی (6)دا ڕەنگی داوەتەوە ڕوون کراوەتەوە ،کە زۆرینەی بەشداربووان (67.03%) هەستیان بە نائارامی بێمتمانەیی نادڵنیایی کردووە.

**دووەم: وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانی توێژینەوەکە**

1. لێکەوتەکانی ساختەهەواڵ تەنها شێواندنی زانیاری نین، بەڵکو کاریگەریی دەروونیی ڕاستەوخۆیان هەیە و دەبنە هۆی لاوازبوونی متمانە و دروستکردنی ژینگەیەکی پڕ لە گومان. وەک لە خشتەی (20)دا دەرکەوت، (68.67%)ی خوێندکاران لە کاتی بەرکەوتن بە ساختەهەواڵی ناوخۆیی تووشی نائارامیی سیاسی بوون.
2. مەترسییە سەرەکییەکان بریتین لە قوڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان، زیادکردنی پشێویی کۆمەڵایەتی، و تێکدانی تەندروستیی دەروونیی ئەو چینە چالاکەی کۆمەڵگەیە کە گەنجانن.

**سێیەم: بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

1. لە ڕێگەی داتاکانەوە بەتایبەت شیکاریی Rank Regression لە خشتەی (26) توانی لێکەوتە نەرێنییەکانی ساختەهەواڵ لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسی بە ڕێژەی (51.5%) دەربخات.
2. ڕۆڵ و ئاستی پشتپێبەستنی گەنجانی بە سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەی هەواڵ پشتڕاستکردەوە.

3. توانی ئەو جۆرە هەواڵانە کە (سیاسی)ن وەک لە خشتەی (17)دا دەرکەوت (37.75%)، دەستنیشان بکات کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی دڵەڕاوکێ هەیە.

4. دەرەنجامەکان ڕێگەیان خۆشکرد بۆ دارشتنی ڕێکاری خۆپارێزی وەک لە خشتەی (23)دا هاتووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە.

ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

لەسەر بنەمای دەرەنجامە زانستییەکانی ئەم توێژینەوەیە و بە ئامانجی کاراکردنی هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی "ساختەهەواڵ" لەسەر دڵەڕاوکێی سیاسیی گەنجان، توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیاز بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و توێژەرانی داهاتوو دەخاتەڕوو.

ڕاسپاردە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان

بۆ پاراستنی سەقامگیریی دەروونیی گەنجان و ئارامیی کۆمەڵگا لە مەترسییەکانی چەواشەکاری، ئەم ڕاسپاردانە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن:

**1.** بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار:

– پێداچوونەوە بە یاسا کارپێکراوەکاندا بکرێت و یاسایەکی تایبەت و سەردەمیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی ساختەهەواڵ لە سۆشیال میدیادا دابڕێژرێت. ئەم یاسایە دەبێت هاوسەنگییەک لەنێوان پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین و سزادانی بڵاوکەرەوەی زانیاریی چەواشەکار بپارێزێت.

– تەرخانکردنی بودجەی تایبەت و دابینکردنی پشتیوانیی لۆجستی بۆ دامەزراوە سەربەخۆکانی پشکنینی زانیاری وەک هەنگاوێکی حەتمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زانستیانەی ئەم دیاردەیە.

**2.** بۆ میدیای کوردی و دەرگاوانەکان:

– دامەزراوە میدیاییە کوردییەکان دەبێت ڕۆڵی دەرگاوانەکانیان کارا بکەنەوە و پابەندبن بە بنەماکانی وردبینی و بێلایەنی، بەتایبەت لەکاتی وەرگرتنی زانیاری لە سۆشیال میدیاوە.

– سازدانی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ ڕۆژنامەنووسان لەسەر تەکنیکە نوێیەکانی پشکنینی زانیاری و ناسینەوەی ساختەهەواڵ.

– میدیاکان دەبێت ڕۆڵێکی کارا لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی میدیایی ببینن و ناوەڕۆکی شیکاری و ڕوونکردنەوەیی پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بینەران بتوانن ڕاستی لە ساختە جیابکەنەوە


سەرچاوەکانی توێژینەوە

**1.** سەرچاوە کوردییەکان

**أ.** ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا

ب. توێژینەوە و گۆڤار و کۆنگرەکان.

تاڵەبانی، ر. و ڕێشاوی، ی.، (2020)، **میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیارییەکاندا،** زنجیرە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، زنجیرە (14)، ل، 113-114.

مستەفا، ڕێبەر گۆران و حسن، نەبەز احمد و رشید، دەشتی علی، (2023)، **ڕۆڵی تیکتۆک لەسەر رەفتارەی کۆمەڵایەتی گەنجان لەشاری سلێمانی،** گۆڤاری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بۆ زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ٢.

پ. کتێب

عەلی، س.، (2020)، **ساختەهەواڵ و بەڵای نوێی ڕۆژنامەگەری،** چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

گۆدەرزی، و.سیاوەش، (2012)، **پێشوەچوونە میدیاییەکان،** چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ل 139.

**2.** سەرچاوە عەرەبییەکان

مركز الدراسات الإعلامية، (2020)، **الأخبار المزيفة عبر وسائل التواصل الاجتماعي وقت الأزمات من وجهة نظر المستخدمين - دراسة ميدانية خلال أزمة كورونا،** مجلة الدراسات الإعلامية العربية.

پ. کتێب

أغرول، نيل كريشان، حامد، ت. خالدة، (2019)، **التضليل الإعلامي لدى تنظيم الدولة**، مكتبة نور.

**1.**سەرچاوە ئینگلیزییەکان

ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا


- Courtney, I. (2017). *In an era of fake news, information literacy has a role to play in journalism education in Ireland: An exploratory study of journalism and media faculties and their interactions with their academic libraries*. MSc thesis. Dublin Business School.
- Zelaya, G. A. (2024). *The making up of the anxious student*. Master's thesis. Simon Fraser University.


ب. توێژینەوە و گۆڤار و کۆنگرەکان


- Agarwal, I.Y., Rana, D.P., Shaikh, M. and Poudel, S. (2022). Spatio-temporal approach for classification of COVID-19 pandemic fake news. *Social Network Analysis and Mining*, 12(1), pp. 1-16.
- Clark, J.L., Algoe, S.B. and Green, M.C. (2018). Social network sites and well-being: The role of social connection. *Current Directions in Psychological Science*, 27, pp. 32-37.
- Curator, N. (2016). Politics of anxiety, politics of hope: Penal populism and Duterte's rise to power. *Journal of Current Southeast Asian Affairs*, 35(3), pp. 91–109.
- Darendeli, A., Sun, A. and Tay, W.P. (2024). The geography of corporate fake news. *PLoS ONE*, 19(4), p.e0301364.
- Dian, S., et al. (2024). Analysis of TikTok platform utilization in business marketing. *Sentri*, 3(6), pp. 2828-2834...
- Lazer, D.M.J., et al. (2018). The science of fake news. *Science*, 359(6380), pp. 1094–1096..
- Mackson, S.B., Brochu, P.M. and Schneider, B.A. (2019). Instagram: Friend or foe? The application's association with psychological well-being. *Journal of Media Psychology*.

- Pennycook, G. and Rand, D. G. (2021). The psychology of fake news. *Trends in Cognitive Sciences*, 25(5), pp. 388-402.
- Robson, P. (2003). Political Cynicism and its Impact on Public Trust. *Journal of Political Psychology*, 25(3), pp. 105-120.
- Zhou, x., Zafarani, R. (2018). A Survey of Fake News: Fundamental Theories, Detection Methods, and Opportunities. *ACM Computing Surveys*.


پ. کتێب


- Fuchs, C. (2017). *Social Media: A Critical Introduction*. 2nd ed. Los Angeles: Sage.
- Fukuyama, F. (2018). *Identity: The Demand for Dignity and the Politics of Resentment*. New York:

Farrar, Straus and Giroux.

- Justice, T. and Olorunlana, T. (2020). *The history of Facebook and its impact on humanity*.
- Kovach, B. and Rosenstiel, T. (2021). *The Elements of Journalism: What Newspeople Should Know and the Public Should Expect*. 4th edn. New York: Three Rivers Press.
- Lobell, S.E., Ripsman, N.M. and Taliaferro, J.W. (2009). *Neoclassical Realism, the State, and Foreign Policy*. Cambridge: Cambridge University Press.
- Mihailidis, P. (2019). *Media Literacy and the Emerging Citizen: A Pocket Guide*. Los Angeles: SAGE Publications.
- Oxford Academic (2024). *Emotional Polarization and Fake News: How Misinformation Affects Political Discourse*. Oxford University Press.
- Ryan, D. (2021). *Understanding digital marketing: Marketing strategies for engaging the digital generation* (5th ed.). Kogan Page.
- Smith, J. (2020). *The age of sensationalism: Media in the 21st century*. Oxford: Oxford University Press.
- Stokel-Walker, C. (2021). *The Instagram Story*. Canbury Press.
- Tucker, J. A., Guess, A., Barberá, P., et al. (2024). *Countering Disinformation Effectively: An Evidence-Based Policy Guide*. Carnegie Endowment for International Peace.
- Tufekci, Z. (2017). *Twitter and tear gas: The power and fragility of networked protest*. New Haven: Yale University Press.
- Zwass, V. (2018). *Editor’s introduction*. International Journal of Electronic Commerce.

تأثيرات الأخبار المزيفة على وسائل التواصل الاجتماعي على الشكوك السياسية لدى الشباب الجامعي في إقليم كردستان

تهدف هذه الدراسة المعنونة بـ "تأثيرات الأخبار المزيفة على وسائل التواصل الاجتماعي على الشكوك السياسية لدى الشباب الجامعي في إقليم كردستان" إلى تحقيق فهم أعمق لظاهرة "الأخبار المزيفة" على منصات التواصل الاجتماعي، وتحليل التأثيرات النفسية التي تحدثها على الطلاب الجامعيين. وتنبع أهمية هذا البحث من الصلة المعاصرة للموضوع وندرة المصادر الأكاديمية الكردية التي بحثت في هذا المجال بشكل علمي. يتسم البحث بطبيعة وصفية ويستند إلى منهجية كمية، حيث تم استخدام أداة الاستبيان لجمع البيانات. وبناءً على ذلك، اختار الباحث مجتمع البحث من طلاب الجامعات الحكومية في إقليم كردستان، وعمل مع عينة عشوائية هادفة قوامها ٤٥٠ طالباً من جامعات السليمانية وأربيل ودهوك وحلبجة، مع مراعاة الاختلافات في الجنس والتخصصات الأكاديمية. وفي النهاية، توصل البحث إلى نتيجة مفادها أن ظاهرة الأخبار المزيفة تمارس تأثيراً مباشراً وكبيراً على تكثيف الشكوك السياسية لدى الشباب الجامعي. وأصبح

من الواضح أن شريحة من الشباب لا تزال تفتقر إلى القدرة الكاملة على التمييز بين الأخبار الحقيقية والمعلومات الملفقة، وأن غالبية الأخبار المزيفة تُنشر بقصد التشويه والخداع، ولا سيما في مجال الأخبار السياسية. أخيراً، قدم البحث عدداً من التوصيات والمقترحات، أهمها التأكيد على ضرورة تطوير الوعي الإعلامي ضمن نظام التعليم والتعليم العالي.

**الكلمات المفتاحية**

**الأخبار المزيفة، وسائل التواصل الاجتماعي، الشكوك السياسية، الشباب الجامعي**